# بیل گیتس ناوی لە تویتەر تۆمار کرد

لە بەرواری ٢٠-١٠-٢٠١٠ بیل گیتس خاوەن و سەرۆکی مایکرۆسۆفت ناوی خۆی لە تویتەر تۆمار کردو بەناوی (@ BillGates ئەوەی جێگای سەرسورمان بوو دوای تێپەڕبونی دە کاتژمێر بەسەر تۆمارکردن ژمارەی ئەو کەسانەی چونەتە سەر حسابی بیل گیتس زیاتر لە ١٣٠ هەزار کەس بوون. کە ئەم ژمارە زیاترە لە دوو ئەوەندەی ئەو کەسانەی سەردانی حسابی مایکرۆسۆفتیان کردوە کە بەناوی (Microsoft@) کراوە، نزیکەی ٤٥ هەزار کەس دەبێت کە لەساڵی ٢٠٠٨ لە تویتەر بونەتە ئەندام، بیل گیتس بەڕێوەبردنی مایکرۆسۆفتی داوەتە دەست هاوڕێکەی بەناوی ستیف پالمەر وە خۆیی و خێزانی سەرپەرشتی دەزگا خێرخوازیەکەیان دەکەن کە گەورەترین دەزگای خێرخوازیە لەجیهان.



# ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی

ئەوانەی کە زۆر ئەنتەرنێت بەکار دەهێنن تێبینی دروست بوونی ئەو هەموو سایتە ئەلیکترۆنیانە دەکەن و هەر هەموشیان ڕۆژانە هەواڵی زۆر تازەو نوێ بڵاو دەکەنەوە، واتا تا ڕۆژنامەیەک یان گۆڤارێک هەواڵێک بڵاو دەکاتەوە ئەوا ڕۆژنامە ئەلیکترۆنیەکان هەر ڕاستەوخۆو بە ماوەیەکی زۆر کەم هەواڵەکە بڵاو دەکەنەوە، بەمەش تادێت بەکارهێنەرانی ئەنتەنرێت زیاتر دەبێت و ٩٠٪ بەکارهێنەران یەکەم کاریان بریتیە لە کردنەوەی چەند سایتێکی خەبەری و ئینجا دەست دەکات بە کارەکانی تری، پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە ئایا ڕۆژنامە ئەلیکترۆنیەکان شوێن بە ڕۆژنامە کاغەزیەکان چۆڵ دەکەن یان وەک خۆی دەمێنێتەوە؟ سەبارەت بە کوردستان لەبەر نەبونی ئامێری تایبەت بە خوێندنەوەی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنیەکان و نەبونی ئەنتەرنێت لە سەرتانسەری وڵات،بەڵام تا ئێستاش ڕۆژنامەکان و گۆڤارەکان ماهیەتی خۆیان ماوە، بەڵام شوێنێکی وەک ئەمریکا لە ڕێگای PDA توانیویانە ڕۆژنامەکانیان بکەنە ئەلیکترۆنی و بەم ئامێرە ڕۆژانە بۆ بەشداربوانی بنێرێت .



# سۆنی ئەریکسۆن پێشکەوتوترین مۆبایل بەرهەم دێنێت

بۆ هەوادارانی مۆبایل بۆ ئەو کەسانەی ئارەزوی سۆنی ئەریکسۆن دەکەن، ئەوەی لای بەکارهێنەرانی سۆنی مایەی دڵخۆشی بووە وێنە جوان و ڕونەکانی کامێرای مۆبایلی سۆنی ئەریکسۆن بووە، بەڵام ئەمجار مۆبایلێکی تریان بەرهەم هێناوە کە بەناوی ساتیۆ کە وردی کامێراکەی ١٢ میگا پیکسلە، بەمەش دەبێتە یەکەم مۆبایل کە بەم وردیە وێنە بگرێت واتا ئەوەندەی کامێر د یجیتە لیە کا ن ، توانای هەیە ٣٠ پارچە ڤیدۆ لە یەک چرکە بگرێت هەروەها ئەم مۆبایلە بە لەمس کاردەکات و دوا وەشانی سیستەمی سیمبیان کار دەکات، لەگەڵ هەردوو سایتی بەناوبانگ یوتویب و فەیس بووک هاوبەشە بۆ خزمەتگوزاری گۆڕینەوەی زانیاری و گرتە ڤیدیۆیەکان .







سکویریتی

# هاک کردن بە بێ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا

ئەمە دەبێتە دوا ستون دەربارەی هاک کردن و سکویریتی ئەویش بریتیە لە هاک کردن بە بێ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا، واتا کەسێک دەتوانێت کۆمپیوتەرکەت هاک بکات و بەبێ ئەوەی هیچ هۆکارێک یان بەرنامەیەک بەکاربهێنێت، ئەویش بە شێوەی ئەو دزیە کلاسیکیەی هەیە، بۆ خۆشی جارێک دوو برادەر هەوڵ دەدەن پاس وۆردی ئیمەیلی کەسێک بشکێنن ئیدی ماندوو دەبن ناشکێنرێت تا تورە دەبن و دەچن لێیدەدەن تا پاس وۆردەکەی لێدەستێن، ئایا ئەمەش ڕێگایەکی هاک کردن نیە، یان هاورێکەت لە دوای تۆوە بچێتە سەر کۆمپیوتەرو فایلە تایبەتەکانی تۆ بکاتەوە، بتوانێت چەند شتێک لەسەر کۆمپیوتەرکەت ببات، ئایا ئەمە هاک کردن نیە، یان یەکێک هاردی کۆمپیوتەرەکەتان بدزێت ئایا هاک کردن نیە، یان بەهەرنرخێک کۆمپیوتەرکەت لێبکرێت و فایلەکانی ریکەڤەری بکات هەموو ئەمانە هاک کردنن. ناوو پاسوۆردی سایتەکەت ببات یان پاس وۆردی کۆمپیوتەرکەت ببات و بە ئارەزوی خۆی کار بە کۆمپیوتەرە تایبەتیەکەت بکات، چارەسەر بۆ پارێزگاری کردن لەم جۆرە هاکەرزانە پێویست دەکات کۆمپیوتەرکەت پاس وۆردێکی لەسەر دابنێیت، لەدوای تۆ لە دەست کەسە باوەرپێکراوەکان بێت، مەفرۆشە هەموو کەسێک فۆرمی دروست کردنی ئیمەیلت با زانیاریەکانی ڕاستی ژیانتی لەسەر نەبێت، وەکو بەرواری لەدایک بوون و ناوی ڕاستی خۆت، هەروەها بۆ ئەوەی مۆبایلەکەشت هاک نەکرێت وشەی نهێنی لەسەر میمۆری و مۆبایل دابنێ و ژمارە تایبەتیەکان بەناوی بنەرەتی مەنوسە، ئەم ڕێنماییانە بۆ هەموو ئامێرە دیجیتاڵیەکانت بەکاربهێنە .

# زیانەکانی لاپتۆپ

لە ڕووی تەندروستی تیشکدانەوە بە بەراورد لەگەڵ کۆمپیوتەری دیسک تۆپ زیانێکی ئەوتوی نییە، چونکە ئەو هەوا گەرمایەی تیشکی کاسۆد دەردەدات بەر لەشت ناکەوێت، بەڵام لاپتۆپ لەبەر ئەوەی دەیخەیتە سەر قاچەکانت و سەر سینگ و هەندێک جار ڕانەکان، ئەوا ڕاستەخۆ ئەو تیشکانەی دەدەدات بەر لەشت دەکەون هەر لەبەر ئەمەش زیانی زۆرەو مەترسی ڕودانی بازدانی لێدەکرت و دەکرێ ببێتە هۆی نەزۆکی، لە لایەکی تر لەبەر ئەوەی بچوک و سوکە بۆیە مەترسی توندی ڕوناکی شاشەو نزیکی لەچاودا زیانێکی ترە، هەروەها لەبەر ئەوەی مێزی تایبەتت بۆ نەکریوە بۆیە دانانی لاپتۆپ هاوڕێک بێت لەگەڵ ڕێنمایەکانی دانیشتن ئەسەتەم دەبێت، بەمەش بۆ ئەوانەی نەخۆشی پشت هێشەیان هەیە هەر زۆر مەترسیدارە، بۆ دروست بونی هەمان نەخۆشی گومانی لێدەکرێت، بەردەوام لەخەیاڵی ئەوەدا بە کە تەکنەلۆژیاش زیانت پێدەگەینێت بەقەدەر ئەو سودەی کە هەیەتی .



# چین بەفەرمی وەڵامی گۆگڵ دەداتەوە

لە کۆتاییدا بەپرسێکی باڵای چین وەڵامی گۆگڵ دەداتەوە، دوای ئەوەی گۆگڵ هەرەشەی لەچین دەکات بە کشاندنەوەی بەرهەمەکانی بەرپرسێکی چینی ڕایگەیاند، کەوا چین ئارەزوو دەکات هەموو کۆمپانیا بیانیەکان لە چیندا وەبەرهێنان بکەن. حکومەت بەرپرس نییە لەو هێرشانەی کە کراونەتە سەر سایتی گۆگڵ، بەڵام چین بە کا ر هێنا نی سیستەمی کا ر پێکر د نی ئەندۆریدی ڕاگرت کە گۆگڵ بەرهەمی هێناوە لەسەر هەردوو مۆبایلی سامسونگ و مۆتۆرۆلا تا کاتێکی نادیار ئەمەش وەک کاردانەوەیەک لە گوتارەکانی گۆگڵ، هەروەها واشتن پۆست ڕایگەیاند کە بەڵگەی تەواو هەیە بۆ تێوەگلانی حکومەتی چینی لەسەر هێرشکردنە سەر سایتی گۆگڵ و پێشێلکردنی ئازادی تاکە کەسی .




# مەبەست لە پرۆسێسەر چییە؟

بەشێکی گرنگ و هەرە سەرەکی کۆمپیوتەر کە وەڵامی هەموو فەرمانەکان دەداتەوەو هەموو هاوکێشە بیرکاریەکان شیکار دەکات، پێی دەڵێن پرۆسێسەر بە کوردی ڕاستەوخۆ لە زمانی عەرەبی وەرگێردراوە کە بەمانای چارەسەر کەر دێت، ئەم بەشەی کۆمپیوتەر تا دێت خێرایەکەی زیاتر دەبێت، واتا پرۆسێسەر کە کۆمپانیاکانی دروست کردنی لە پەنجەی دەست تێپەڕناکات، بەردەوام کێبڕکێی دەکەن لەسەر دروست کردنی خێراترین پرۆسێسەر لە ڕیزبەندیدا ئەنتڵ بە پلەی یەکەم دێت، کە ئێستا بە دروست کردنی کۆر تو دیو لە پێشەنگە، هەروەها ئەرکی پرۆسێسەرەکان واتا چارەسەر کردن هەر فەرمانێک لە کۆمپیوتەر دەچێتە پرۆسێسەر و دەخوێندرێتەوەو چارە دەکرێت و ئینجا بەرامدا دێتەوە سەر شاشە و فەرمانەکە جێبەجێ دەبێت، جا تا پرۆسێسەر خێرا بێت لە وەڵامدانەوەی فەرمانەکان ئەوا کۆمپیوتەرکە خێراتر دەبێت هەر بۆیەش پرۆسێسەر بە پارچەی سەرەکی کۆمپیوتەر هەژمار دەکرێت .



# یاریە ڤیدیۆیەکان بۆ چارەسەری نەخۆشی

کۆلیژی پزیشکی ئەندیانە لە زانکۆی بەنسلڤانیا لە ئەمریکا لە لێکۆڵینەوەیەکیان لەسەر ئەو هەرزەکارانەی توشی نەخۆشییەکانی مێکشک و ئیفلجی دەمارەڕاگەیاندنەکان، بوونە بە یاری کردنیان بۆ ماوەی ٣٠ خولەک ڕۆژانە دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی و کەمبونەوەی کاریگەری نەخۆشیەکە لەسەر نەخۆشەکان، ئەنجامی ئەم نەخۆشیە دوای سێ هەفتە بەدیار کەوت کاتێک دوو لەو منداڵانە توانیان دەست بکەن بەڕۆشتن و لەسەر پێیەکانیان بوەستن، لەم لێکۆڵینەوەیە هاتووە کە بۆ ئەو کەسانەش کە توشی جەڵتەی مێشک دەبن هەمان چارەسەر بەکار هێنراو ئەنجامێکی باشی هەیە کەواتە یاری کردن بە پلەی ستەیش و ئیکس بۆکس و یاریە ڤیدیۆیەکان سودیان دەبێت، بەڵام بە بەرنامەیەکی ڕێک و پێک نەوەک بەبێ بەرنامە کەرەنگە زۆر زیانی هەبێت.



**ڕێنمایی ئایتی:** تەنها یەک گوێچکە بۆ تەلەفۆن بەکارمەهێنە، بەڵکو لەکاتی ئاخاوتنی درێژ هەردوو گوێچکە بەرکابهێنە